نێچیرڤان بارزانی: بە نیگەرانییەکی قووڵەوە چاودێریی هەواڵەکانی ڕووداوی هیلیکۆپتەری سەرۆک ئەئیسی دەکەم

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان،لێبارەی ڕووداوی هیلیکۆپتەرەکەی سەرۆکی ئێرانەوە ووتی بە نیگەرانییەکی قووڵەوە چاودێریی هەواڵەکانی ڕووداوی هیلیکۆپتەری ئەئیسی دەکەم.

لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نووسیوویەتی: "بە نیگەرانییەکی قووڵەوە چاودێریی هەواڵەکانی ڕووداوی هیلیکۆپتەری سەرۆک ئەئیسی دەکەم".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەروەها نووسیوویەتی: لە خوای مەزن داواکارم خێیان و یاوەرانی باش و سەلامەت بن، دڵمان لایانە و نزای خێریان بۆ دەکەین. لەم کاتە سەختەدا بیرمان لەگەڵ سەرکردایەتی و گەلی ئێرانی دڵست و دراوسێدایە".

بە گوێرەی زانیارییەکانی تەلەڤزیۆنی فەرمی ئێران، ئەمڕۆ هێلیکۆپتەری ئیبراهیم رەئیسی سەرۆکی ئەو وڵاتە تووشی ڕووداوێك بوو.

لەلایەکی دیکەوە بەرپرسی بەشی ئێپراسیۆنەکان لە مانگی سووری ئێران بە میدیای وڵاتەکەی ڕاگەیاند، لە ئێستادا زیاتر لە 46 تیم سەرقاڵی گەڕان و پشکنینن بەدوای هیلیکۆپتەرەکەی سەرۆك کەمار و شاندی یاوەری دەگەڕێن، هاوکات لەرێگای چەندین تیمی گەڕەکەوە بە ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە.

هەروەها ئاماژەی بۆش کرد، تیمەکانیان گەیشتوونەتە شوێنەکە بەڵام بەداخەوە بەهۆی تەم و نالەباری کەشوهەواوە گەڵانەکان هیچ ئەنجامەکیان نەبووە.

وتیشی، بەداخەوە نەتوانراوە بەهۆی زۆری تەمو مژەوە لەڕگای ئاسمانی و بە فڕۆکە و درۆن هیچ شتێك بدۆزرێتەوە